# زۆرانبازی دەسەڵاتداران و ژێردەستەکان

سەلام عەبدوڵڵا

لەم ڕۆژانە، لە چەندین بواری جیاجیا، پەرەسەندنێکی بۆمبا ئاسا، تەقیوەتەوە:




- دەسپێکردنی پرۆژەی(هارتس4) و کارپێکردنی زۆرەملی بە 1ئۆیرۆ. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی لە 83شاردا، ئەکسیون و پرۆتێست لە دژی بەڕێوەبەرایەتی کار بەرپا بکرێ.
- نوێنەری ڕێکخراوی فاشیست(NPD)لە پەرلەمانی وەلایەتی زاکسن، بۆردومانی بریتانی-ئەمریکی بە(بۆمبای-هۆلۆکوست) بە(کۆمەڵکوژی پیشەسازی کە بە خوێنساردییەکەوە، نەخشەی کێشرابوو) بەراورد کرد. ئەو ڕاگەیاندە



- ئیمرۆ(ئیڤا-ماریا شتانگە) قسەکەری سەندیکای پەروەردە و زانست، بە توندی ڕەخنە لە بڕیاری دادگای دەستوری وەلایەتەکان گرت لەبارەی باجوەرگرتن لە سەر کرێی خوێندن لە زانکۆکانی ئەڵمانیا و بە (ڕۆژێکی ڕەش بۆ خوێندکاران و دەوڵەتی کۆمەلایەتی)ناوبرد.




بەڕاستیش وایە، هەر ئیمرۆ چەندین خۆپیشاندان لە شارەکانی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی کتوپڕ لە هانۆڤەر و هامبۆرگ ڕێکخرا.

ئەمە مانای(ریفۆرم)ی لیبرالیزمە نوێیەکانە لەناو خودی وەڵاتە زلهێزەکان، هەر بۆیە دەبینین، کاتێ دەسەڵاتدارەکان لەوانە(سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا لە (فۆغومی ئابووری جیهانی) لە دافوس، کۆدەبنەوە، دەیان هەزار کەس لە شاری بێرن لە دژیاندا، خۆپیشاندان ڕێکدەخەن و بە گوێرەی ئاژانسی هەواڵەکان، تا ئێستا هێزی پاراستنی ئەو ڕیفۆرمانە، 83کەس دەستگیرکردووە. بەرامبەر بە کۆبونەوەکەی دافوس، ئیمرۆ لە بەرازیل 100 000کەس وەك نوێنەری سەددان ڕێکخراو، نەقابە، حزب و گروپ و کۆمونیست و چەپ لە دژی لیبرالیزمی و بەرنامەکانی سەر لە نوێ ڕێکخستنی سەرمایە، کۆبوونەوە. دەمێکە مارکس گوتویەتی: (ماف، هەمیشە مافی دەسەڵاتدارانە). ژێردەستەکان مافیان نییە، چونکە دەسەڵاتیان نییە، بۆیە ئەگەر دەیانەوێ ماف و خواستەکانیان جێبەجێ بێ، دەبێ ببن بە خاوەن دەسەڵات...! بەدڵنیاییەوە، ڕۆژانی داهاتوو، ئەڵمانیا دێتە هەژاندن...!




